# میترا- خواوەندی خۆر

بێریڤان جەمال حەمەسەعید
b.hamasaid@chello.nl



دەچمە ناو پەرستشگای میترای مەزن
روو دەکەمە خۆری پیرۆز
هاواردەکەم
ئەڵیم: هەر تۆی خواوەندی من
ئەی خاوەنی تیشکی زێڕین
ئەی ڕووپاکی بە گڕ شۆراو
ڕووگەی ڕووناک ئەبەخشیتە
ئەم گەردوونە
دەم بە خەندەو بە پێکەنین
کاتێک ئاسۆ چاوانی خۆی
ئەڕێژێت بەو
کلە جوانە برۆنزییەت
چی ڕەشماڵی شەوەزەنگە
بۆ تێشکی تۆ کڕنووش ئەبات
بڵێسەی گڕ
لە ئاوباڵای خۆی بەرئەدات
چی نهێنی و شاراوەیە
بە هاتنت بە چۆکا دێن
بۆ گەورەیی و پیرۆزی تۆ
بە ئاشکرا دائەگیرسێن
ئەی سەرچاوەی بەخشندەیی
تۆ هەوێنی مان و بوونی
دێیت و دەچیت بێسرەوتیت
تاکە چرای گشت گەردوونی
هەر تەنها تۆیت کانی گەشی
تیشکی دوور و
مایەی شادی بێسنوور و
هەر تەنها تۆی، هەر بوویت و هەیت
بە ساباتی ڕۆشنایی و گڕ

دەستەبەری ژیان ئەکەیت
ئەی ئەستێرەی بەرزم
من دەروێشی گەورەیی تۆم
کڕنووش ئەبەم
بە تیشکی بێگەرد و پاکت
**دەستنوێژ ئەشۆم**